# دۆزەخ دەوردراوە بە شەهوەت وئارەزووەكان، وبەهەشت دەوردراوە بە ناڕەحەتی وتاقیکردنەوەکان

له ئه‌بی هوره‌یره‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «دۆزەخ دەوردراوە بە شەهوەت وئارەزووەكان، وبەهەشت دەوردراوە بە ناڕەحەتی وتاقیکردنەوەکان».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە کە دۆزەخ دەوردراوە بەو شتانەی نەفسی مرۆڤ ئارەزووی دەکات لە کردەوە حەرامکراوەکان یان کەمتەرخەمی لە واجبەکان؛ هەرکەسێک شوێن هەوا وئارەزووی نەفسی بکەوێت ئەوا شایستەی چوونە دۆزەخە، وبەهەشت دەوردراوە بەو شتانەی کە نەفس حەزی پێناکات؛ وەکو پەیڕەوکردنی فەرمانپێکراوەکان و وازهێنان لە حەرامکراوەکان وئارامگرتن لەسەر ئەمە، ئەگەر گوێڕایەڵ بێت وجیهادی نەفسی بکات ئەوا شایستەی چوونە بەهەشتە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3702

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee